عێراق ئیدانەی ئەو هێرشی ئەم دواییە دەکات کە لەسەر سنووری سوریا و ئوردن ئەنجامدراوە

ئەمە دووشەممە، حکومەتی عێراق ئەو هێرشی ئەم دواییەی کە لەسەر سنووری سوریا و ئوردن ئەنجامدراوە، ئیدانە کرد.

باسم ئەلعەوادی وتەبێژی حکومەتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: حکومەتی عێراق ئیدانەی هێرشکانەکانی بەردەوام دەکات، بەتایبەتی ئەو هێرشی ئەم دواییە کەلەسەر سنووری سوریا و ئوردن ئەنجامدراوە، هێروەها بە نیگەرانییەکی زۆرەوە بەدواداچوون بە پشهاتە ئەمنییە مەترسیدارەکان لە ناوچەکەدا دەکات.

هەروەها وتی" لە کاتێکدا عێراق داوای ڕاگرتنی خولگەی توندوتیژی دەکات، ئامادەیی خۆشی دووپاتدەکاتەوە بە کارکردن لەسەر داشتنی هەساى بنەڕەتی کە ناوچەکە لەدەرئەنجامەکان بپارێزێت و ڕێگری لە فراوانبوونی بازنەی ململانێکان بکات.

وتەبێژی حکومەت ڕاگەیاند" کاردانەوەکانی ئەم پشهاتانە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دەکەن، هێروەها هەوڵەکان بە بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ماددە هەشبەرەکان تێکدەدەن، و بازرگانیکردن و ئابووری و دابینکردنی وزە دەخاتە مەترسییەوە.